**سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران**

## بڕیار
### ژمارە (١٤٣)ی ساڵی ٢٠٢٢

پشتبەست بە حوکمەکانی بڕگەی (٣) لە ماددەی (هەشتەم) لە یاسای ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان ژمارە(٣) ی ساڵی ١٩٩٢ هەموارکراو ، و لەبەر ڕۆشنایی ماددەی (٢) لە یاسای ژمارە(١٤) ی ساڵی ٢٠٢١ (یاسای هەمواری یەکەمی یاسای وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی هەرێمی کوردستان – عێراق ) ژمارە (١٠ )ی ساڵی ٢٠١٠ ، و لەسەر پێشنیاری وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی ، و ئاماژە بە کۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (٨٠) لە ٢٠٢٢/٤/١٣ ، ئەنجومەنی وەزیران بڕیاری دا بە:-

١- پەسەندکردنی ڕەشنووسی (پەیڕەوی ناوە بازرگانییەکان و تۆمارنامەی بازرگانی لە هەرێمی کوردستان -عێراق) بەڕەچاوکردنی تێبینی و سەرنجەکانی هەردوو وەزیری داد و وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان کە لە کۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیران خرانە ڕوو .

٢- گشت وەزارەت و لایەنە پەیوەندیدارەکان ئەم پەیڕەوە جێبەجێ دەکەن لە ڕۆژی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی (وەقایعی کوردستان) .

**مسرور بارزانی**
**سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران**